www.kurdistannet.org
3-11-2006 16:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# مەسیحییەکانی شاری بەغداد ڕوو لە شارەکانی کوردستان دەکەن ... ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی



دوابەدوای پەشێوییەکانی شارەکانی ناوەڕاست و سێگۆشەی سوننەنشینی عێراق و زنجیرەیەك لەکاری تەقاندنەوەی کەنیسەکانی شاری بەغداد، مەسیحییەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق هەستیان بەمەترسی ئەمنی کردووە لەسەر ژیان و بەڕێوەبردنی تەقوسە ئاینییەکان.

مەسیحییەکانی بەغداد کە دیارە زۆرترین ژمارەی مەسیحییەکانی عێراق پێکدێنن بەردەوام لەحاڵەتی پەرش و بڵاوبوونەوەدان، بەشێکی هەرە زۆریان وڵاتی عێراق ڕووەو ئەورووپاو ئەمریکا بەجێندەهێڵن و بەشێکی تریان بەشێوەیەکی کاتی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە تا ئەو کاتەی دۆخی شاری بەغداد ڕوو لەهێوور بوونەوە دەکات.

(لینا گۆرگیس) لەبنەڕەتدا خەڵکی کۆیەیەو ساڵانێکی زۆرە بنەماڵەکەیان لە بەغداد دەژی و ئێستا ڕوویانکردۆتە سلێمانی دەڵێت: بەڕاستی بارودۆخی شاری بەغداد بەتەواوی تێکچووە و کەس ناتوانێت دڵنیابێت لەسەلامەتی گیانی خۆی و کەسوکارەکەی، خۆتان ئاگادارن زیاتر لە 15 کەنیسە لەبەغداد تەقێنرانەوە، ئەمە وایکرد هەست بەدڵنیایی نەکەین بۆیە ناچاربووین شارەکەمان بەجێبهێڵین و بێینە شاری سلێمانی لێرەش وەزعەکە خۆشەو ئاشتی و ئاسایش زۆر باشە و هیچ مەترسییەکمان نییە، بێگومان ئەگەر کار وابڕوات ڕەنگە بۆماوەیەکی درێژتر لەم شارە بمێنینەوە.



(سەباح تۆما) کریستیانێکی تری شاری بەغدادەوە ئێستا لە سلێمانی جێگیر بووە دەڵێت: تیرۆریستەکان ناچاریان کردین لەجێی باوباپیرانمان هەڵبێین، ئەوان عەشوائی و شەل و کوێرانە ئەو خەڵکانەی لەگەڵیان ناگونجێن تیرۆر و ڕەشەکوژ دەکەن، ئێمەش پێمانوایە ژیانی خۆمان لەپێش هەر شتێکەوەیە، بۆیە ناچاربووین و دەستمان لە کارو

بەرژەوەندییەکانی خۆمان بەرداوەو بۆ پاراستنی گیانمان هاتووینەتە ئێرە، من خۆم نازانم تا چەند لێرە دەبم، بەڵام ئەگەر بارودۆخی عێراق بەمجۆرەی ئێستای بەردەوام بێت یان ئەوەتا دەبێت بەیەکجاریی لەکوردستان جێگیر بین یان ئەوەتا رێی سەفەری ئەوروپا بگرینەبەر، ژیانی ئێمە لەژێر دەستەڵاتی ڕەشی تیرۆریستەکاندا نییە، ئێمە دەمانەوێت لەژینگەیەکی ئازاد دا ژیان بگوزەرێنین.

(هێلین نیسان) پارێزەرێکی ئاشوورییە و وەك خۆی دەڵێت بنەماڵەکەیان نزیکەی سەد ساڵە لە بەغداد جێگیرن و ماوەی مانگێکە هاتوونەتە شاری سلێمانی، ئەو وتی:

دوای ئەوەی پاپا ئەو لێدوانەی دا مەترسی زیاتر دروست بوو لەسەر ژیانمان، ئێمە پێشتر زۆر نارەحەت دەژیاین و گەورەترین مەترسیمان لەسەربوو هەرواش بوو چەندجار کەنیسەکان تەقێنرانەوە و دەیان هاوڵاتی تیایاندا شەهیدبوون بەڵام ئێمە هەر بەرگەمان گرت و چاوەڕێ بووین بارودۆخەکە ڕوو لەباشی بکات و ئاشتی و هێمنی بگەڕێتەوە کەچی رۆژ بەرۆژ خراپتر دەبێت و لەوانەیە ئەم حاڵەتە چەند ساڵێکی تریش بخایەنێت بۆیە بیرمان لەوە کردەوە بۆ ماوەیەکی کاتی بەغداد بەجێبهێڵین و بیریشمان کردەوە کوردستان باشترین جێگەیە کە بۆی بچین. (ئەسکەندەر حەنا) وەك ئاوارەیەکی تری مەسیحی شاری بەغداد هاتە گۆو وتی:

لەبەغداد کەس لەژیانی خۆی دڵنیانییە، شەو چەند کەسێکی نەناسراو بەدەم و چاوی پێچراوەوە هەڵدەکوتنە سەرماڵان و گەنجان دەردەهێنن و گوللە بارانیان دەکەن، یان جاری وا هەیە لەپەناتدا سەیارەك دەتەقێتەوە، یان کەسێك خۆی دەتەقێنێتەوە سی ساڵ تەحەمولمان کرد، بۆیە لەوە زیاتر نەمانتوانی بەو جۆرە لەترس و دڵەڕاوکی و قەلەقیدا بژین، چارەسەرێکی کاتیمان دۆزییەوە و ڕوومان کردۆتە کوردستان لێرە ئازادیی و ئاسایش هەیەو لەهەموو ڕوویەکەوە ئازادین و سوپاسی خەڵکی شاری سلێمانی دەکەین کەزۆر رێزمان لێدەگرن.

(ماریا میخائیل) ئەندازیاری بیناکاری و دانیشتووی شاری بەغداد وتی:

ئێمە چەند خێزانێکین و لەبەغدادەوە هاتووین و سی مانگێك دەبێت لەسلێمانی دەژین ئەم سی مانگە هەر لەهۆتیل ژیاوین و پارەیەکی زۆرمان سەرف کردووە لێرە، بەڵام لێرە هیچ مەترسییەکمان لەسەر نییەو بگرە لەوپەڕی ئەمان و سەقامگیریدا دەژین، بۆ وەڵامی پرسیارەکەت کە چەند لێرە دەمێنینەوە ئەوە بارودۆخەکە دەیزانێت ئەگەر بارودۆخ باش بێت و بەغداد ئاسایشی تێکەوێت ئەوە زوو دەگەڕێینەوە، ئەگەر زانیمان دۆخەکە هەروا دەمێنێتەوە ناچارین بیر لەخۆمان بکەینەوە یان ئەوەتا دەبی بچین بۆ دەرەوەی وڵات یان دەبێت بەتەواوەتی لێرە بمێنینەوە و جێی خۆمان بگرین.

(سیلڤانا ئیسحاق) مامۆستای سەرەتایی لەشاری بەغداد وتی: من نزیکەی دوو مانگە لێرەم لەگەڵ هاوسەرەکەم و سی منداڵەکەم، لەڕاستیدا من بۆئەوە نەهاتووم لەکوردستان جێگیربم بەڵکو هاتووم لێرە ئامادەکاریی دەکەین بۆئەوەی بڕۆین بۆ دەرەوەی وڵات، ناکری دە ساڵ چاوەڕێی ئەوە بکەین بزانین وەزع چاك دەبێت یان نا بەڵکو رۆژێکی زووتر ئەم عێراقی خوێن و کوشت و بڕە جێدەهێڵین، من بۆ خۆم برایەکی دکتۆرم لەیەکێك لە تەقینەوەکانی کەنیسەکانی شاری بەغداد کەمئەندام بووە و ئێستا لەسەر عەرەبانەیە، من دەزانم وەزعی عێراق وازوو باش نابێت بۆیە ڕێگەی هەندەران هەڵدەبژێرین.

(سەمیر عودێش) ئەویش مەسیحییەکی تری شاری بەغدادەو دەڵێت:

من بۆخۆم بوایە نەدەهاتم بۆ ئێرە (واتە سلێمانی) بەڵام ماڵ و منداڵەکەم ئەو دیمەنی سەربڕین و تەقاندنەوەیە لەشاشەی تەلەفزیۆن دەبینن رۆژانەش لەماڵەوە گوێمان لەسی چوار دەنگی تەقینەوە دەبێت بۆیە دەترسن هەرچەندە ترسەکەیان بنەمایەکی راستی هەیە و هەر لەخۆڕایی نییە من هاتووم بۆ شاری سلێمانی تەنیا بۆ پاراستن و ئەمانی گیانی ماڵ و منداڵەکەم و کەرامەتیان، هەڵبەتە

مانەوەی ئێمە لەم شارە قەشەنگ و جوانەدا بۆ ماوەیەكی كاتییە، ئێمە هیچ نیازێكی خراپمان نییە، لەوەشدا خۆشبەختین كە ئێمە ئاینمان مەسیحییە هیچ گومانێكی تیرۆریستی و كاری ناپەسەند لەئێمەومانان ناكرێت.
مامۆستا (نەهلە یۆحەننا) لەبنەڕەتدا خەڵكی ناوچەی (هەكاری) یەو بیست ساڵە لەبەغداد دەژی دەربارەی هاتنی بۆ كوردستان دواو وتی:
دیارە لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە مەسیحییەكانی عێراق بەتایبەتی ئەوانەی شاری بەغداد ڕووبەڕووی چەند كارێكی تیرۆریستی بوونەتەوە و چەندان كەسمان لەماوەی ئەم سی ساڵەدا لی شەهید بووە، ئەمەش ناچاری كردووین كە بەغداد بەجی بهێڵین و ڕوو لەتاراوگەو شارەكانی تری عێراق بكەین.
بێگومان هاتنمان بۆ كوردستان لەبەرئەوەیە لەهەموو ڕوویەكەوە جیاوازە لەگەڵ ناوچەكانی تری عێراق، من لەو قەناعەتەم زۆربەمان بۆ ماوەیەكی كەم و كاتی لێرە دەبین ئەگەر ئەو وەزعەی بەغداد زۆر بخایەنێت ناچاردەبین بیر لەوە بكەینەوە لەهەندەران مافی پەنابەرێتی وەربگرین.
(ئیدمۆند سلێوەحەنا) ئاشورییەكی ناوچەی شەمزینانە لەبنەڕەتدا و بنەماڵەكەیان لەساڵی 1975 وە لەبەغداد نیشتەجێن وتی:
ئێمە لەكوردستان هەست بە مورتاحی دەكەین و لەخوا بەزیادبێت لەگەڵ خەڵكی سلێمانی و هەولێر هیچ كێشەیەكی ئەوتۆمان نییە كە ئەوە بهێنێت باسی بكەیت، ئێمە ئەمرۆ بەهۆی بارودۆخێكەوە لێرەین بەڵام هەرگیز ئەم هەڵوێستە مرۆڤانەیەی خەڵكی كوردمان لەیاد ناچێتەوە بەتایبەتی كە ڕێزی زۆر لەبیروباوەڕی ئاینی و مەزهەبی ئێمە دەگرن، من خوودی خۆم لەبەرنامەمدایە بڕۆم بۆ سوێد و ئێرە شوێنێكی باشە تا ئەو كارانەی تیا دەكەیت هەڵبەتە سوپاسی ئەو مۆڵەتەی كوردەكان دەكەم كە ڕێمان دەدەن لەشارەكەیان بژین.
دواجار (نەدا یۆنان بۆیا) هاوڵاتییەكی ئاشوورییە و لەبەغداد لەدایك بووە و ژیاوە دەڵێت: برایەكم لە یەكێك لەتەقینەوەكانی شاری بەغداد شەهید بوو بۆیە بڕیارماندا ئەو شارە بەجی بهێڵین ئەوەبوو هاتینە كوردستان و وا بەنیازین هەفتەی دادی بچینە لوبنان و دواتریش لەوێوە دەڕۆین بۆ ئەوروپا، من ئەم ماوەیەی لەكوردستان بووم ئاسوودە بووم و كوردەكان زۆر ڕێزیان لی ناوین بێگومان ئێمەش ئەم چاكەیە لەیاد ناكەین.